## ئێرنست ڕینان

# نـەتـەوە چییە..؟


**کامیل محەمەد قەرەداغی**

**کردوویەتی بە کوردی**



ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی - ٢٠١٠


**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیـەکی کەلتورییـە بـەپێی بڕیـاری کـۆنگرەی سـێی سـاڵی ٢٠١٠ی یــەکێتیی نیشــتمانیی کوردســتان دامــەزراوە، ئەرکەکــەی بریتییــە لــە دەســتەبەرکردنی پێداویســتییەکانی هۆشــیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بـەهاکانی دیموکراسـیو مـافی مـرۆڤ و دادی کۆمەڵایـەتی لەکۆمەڵـدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابـین کردنـی کەرەسـتەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

## سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق


**دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر**

**چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی**

**تیراژ: (٢٥٠٠) دانە**

**ژمارەی سپاردن: (١٨٧٨) ی ساڵی ٢٠١٠ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری**

**ژ. زنجیرە : (٧)**

**لەبڵاوکراوەکانی** ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

## پێشەکییەکی کورت لەبارەی نوسەرەوە:

ئێرنست ڕینان مێژوونوس و نوسەرێکی فرەنسییە، بەوکارەیدا دەناسرێتەوە، کە باسەکانی یەسووعی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فرەنسی و لەو وەرگێڕانەشیدا داوای کردووە، کە دەبێت سەرچاوەکانی ئاینیش لەڕووی مێژوویی و زانستییەوە ڕەخنەیان لێ بگیرێت و پێویستە جیاوازی لەنێوانی ڕەگەزە مێژووییەکان و ڕەگەزە پووچگەرییەکانی ناو کتێبی پیرۆزدا بکەین. کە ئەم شتانەی نوسی کاسۆلیکەکانی وڵاتەکەی ئاگریان گرت، لێی کەوتنە کەف چەراندن. هەروەها بەو پێناسە بەناوبانگەشیدا دەناسرێتەوە، کە بۆ نەتەوەی کردووە.



لەگەڵ بیریارە ئەڵمانییەکانی سەردەمی خۆیدا مشتومڕێکی زۆر گەرمی کردووە، لەبەرئەوەی ئەڵمانەکان پێیان وابوو، کە خەڵکە دانیشتوانەکەی هەردوو ناوچەی (ئێلزاس و لۆرین، کە دوو ناوچەی فرەنسی بوون و ئەڵمانیا لەساڵی ١٨٧٠ وە داگیری کردبوون) لەڕووی ڕەگەزەوە ئەڵمانین، ڕینان بەوە وەڵامی ئەڵمانییەکانی دایەوە، کە ئەندامبوون لە نەتەوەیەکدا مەسەلەی ڕەگەزنییە، بەڵکو مەسەلەی خواست و ئیرادەیە، ئیرادە وەك ڕاپرسییەکی ڕۆژانە وایە، کە خەڵکەکە تیایدا جەخت لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بکەنەوە. تا ئەمڕۆش ئەم پێناسەیەی ڕینان بۆ نەتەوە کاریگەریی لەسەر خەڵکە فرەنسییەکان ماوەتەوە و لەڕوانگەی ئەو پێناسەیەی ئەوەوە دەڕواننە گەل و ناسنامەی خۆیان. ئەم کتێبە بچووکەی ئێستای بەردەستت دەقی تەواوی ئەو پێناسەیەیە.

رینان بوە بە هێماکانی وڵاتی فرەنسە و ئێنستاش زۆر گەڕەك و شەقام لەو وڵاتەدا بەناوی ئەوەوە ناو نراون.

ئەم دەقەی (نەتەوە چییە؟) کە لێرەدا وەرگێڕانەکەی دەخرێتە بەردەستی خوێنەرانی زمانی کوردی بە دەقێکی بنچینەیی ناو ئەدەبیاتی فکری نەتەوەیی ئەوروپای ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم دادەنرێت، دەقی تەواوی کۆڕێکە، کە ڕۆژهەڵاتناس و بیریاری فرەنسی رینان لە ڕۆژی (١١/ئازار/ ١٨٨٢) لە کۆڕێکدا لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس پێشکەشی کردووە.

شایانی باسکردنە، رینان ڕێگە و شێوازێکی سەرنجڕاکێشی هەبووە لە لێکۆڵینەوەی مەسەلەکانی مێژوو ڕەگەز و ئاین و نەتەوەو زماندا، ئەڵبەت لەوەش بێبەری نەبووە، کە ئەمیش جاربەجار شتەکانی لێ تێکەڵ ببێت، بۆیە لە هەندێ شوێندا دەکەوێتە ئەو هەڵوێستەوە، کە شتی دژ بە یەك و نەگونجاو پێکەوە دەڵێت. لەبەرئەوەی خۆی لەژێر کاریگەریی زۆر تێز و ئاراستەی فکری و



کلتووریی جیاجیا و دژبەیەکدا بووە. ئەم ناکۆکییانەی ناو هزر و بیری ئەم، دەگەڕێتەوە سەربردەی ژیانی خێزانیی خۆی، کە سەر بە خێزانێکی کاسۆلیکی بووە و لەپڕدا هەڵوێستی گۆڕاوە و بوە بە کەسێکی عەقڵانیی عیلمانی و کەوتۆتە هەوڵدان بۆئەوەی لەناو کۆمەڵگەدا عەقڵ و زانست جێگەی پایەداریی ئاین بگرنەوە.

ئێرنست منالّی شارۆچکەی (تریگێ) یە،کە دەکەوێتە ناوچەی بەریتانیی فرەنسەوە، تەمەنی پێنج ساڵ بووە، کە باوکی مردووە. پاش مردنی باوکی، دایکی و خوشکە گەورەکەی ئەمیان بەخێوکردووە، ئەم خوشکەی بە دوانزە ساڵ لە رینان گەورەتربووە، بۆیە لەخێزانەکەی خۆیانەوە، کە خێزانێکی ڕەچەڵەك لادێیی بوون بیروباوەڕی ئاینیی کاسۆلیکیی وەرگرتووە و وەك کەسیی خۆیشی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هزری ڤۆڵتێر و چاخی ڕۆشنگەرییەوە. هەر لەشارۆچکەی تریگێ دەستی داوەتە خوێندن، ئەم شارە سروشتێکی لاهوتیی هەبووە و پڕبوە لە کڵێسا و

دامەزراوەی ئاینی. لەساڵی (١٨٣٢)دا لەشار چووەتە پەیمانگای ئەکلیریکی بۆ خوێندن، لەوێ سیماکانی سەرکەوتن و نەجابەتی لێدەرکەوتووە، بۆیە ڕاگری ئەو پەیمانگایە لەساڵی (١٨٣٨)دا بڕیاردەدات ڕەوانەی پاریسی بکات، بۆئەوەی لەوێ درێژە بە خوێندنەکەی بدات. بەڵام کە دەچێتە ئەوێ فشاری ئەو شارە هێندە لەسەری زۆردەبن گرفتاری پەشۆکانی دەروونی دەبێت و تەتگژەی لێدەردەکەوێت. لەوێ گومانێکی وای لەلا دروستدەبێت، کە بۆئەوە لەدایك بووە، کە هەر ببێت بە قەشە، سێ ساڵ دەخوێنێت، دوایی لەناو پاریسدا تێکەڵبوونی ئەدەبی هاوچەرخی بۆ دروست دەبێ و لەو کاتەدا نوسینەکانی (ڤیکتۆر هیگۆ) و (لامارتین) دەخوێنێتەوە، تائەم کاتەش هەر لەژێر کاریگەریی ئایندا دەبێت، بەڵام ، کە لە ساڵی (١٨٤٣) دەچێتە قوتابخانەی (سان سوڵبیس) روو لە زانستی مێژوویی و لێکۆڵینەوەی ئاینی مەسیحی دەکات. تا لە ساڵێ (١٨٤٥)دا بە یەکجاری بڕیاری ئەوە دەدات ژیانی



کاهینی واز لێبهێنێت و سوك و ئاسان دەچێتە ناو ژیانی مەدەنییەوە. بەڵام وەك وابەستەبوونی بە خێزانەکەی خۆیەوە لە هەموو هەنگاو و گۆڕانێکیدا (هێنریێت)ی خوشکە گەورەکەی خۆی لە وەرچەرخانە فکرییەکانی ئاگادارکردۆتەوە. نامەی دکتۆراکەی ڕینان لەسەر (ئیبن ڕوشد)ە.

# نەتەوە چییە..؟

ئەوەم وەئەستۆی خۆم گرتووە کە لەگەڵ ئێوەدا بیرۆکەیەك شیکار بکەم کە لە ڕوواڵەتدا روون دێتە بەرچاو. بەڵام لەڕاستیدا لەبەر ئەگەری مەترسیدارترین باری خراپ تێگەیشتنی دایە. فۆڕمەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی زۆر فرەچەشنن. فەرمو ئەوە نمونەی کۆمەڵگە مرۆییە گەورەکان وەك ئەوەی کە لە (چین و میسر و بابلی زۆر کۆندا باوە)یان نمونەی هۆز وەربگرن کە لەلای عیبرییەکان و عەرەب باوە. نمونەی شارۆچکە وەربگرن لەسەر شێوازی ئەسینا و ئیسپارتە. یان یەکێتیی وڵاتە زۆرەکان بەیەکەوە وەربگرن بەوشێوەیەی کە لە ئیمپراتۆریەتی ئیخمیدی وئیمپراتۆریەتی رۆمانی و ئیمپراتۆریەتی کارلۆفینجیدا باوە،یان ئەو گروپانە



وەربگرن کە بەبێ نیشتمان دەژین وبەهۆی پەیوەستیی ئاینییەوە یەکیان گرتووە  وەك ئیسرائیلییەکان و مەجوس. یان نەتەوەکان بە نمونە وەربگرن وەك فەرەنسەو ئینگلتەرە و زۆربەی کیانە ئەوروپییە سەربەخۆو نوێیەکان. یەکێتییە فیدراڵییەکان وەربگرن لەسەر شێوەی سویسرە و ئەمریکا، یان ئەو فۆرمی خزمایەتی و ڕەگەزایەتی،یان زمانە وەربگرن کە لەنێوان لقە جیاوازەکانی جێرمانیەکان یان لقەکانی سلاڤییەکاندا هەیە. هەمو ئەمانە شێوازی کۆکردنەوەن. بەڵام تێکەڵکردنیان بەیەکتری بەبێگومان خراپیی زۆر جدیی تێدا دەبێ. لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسیدا بیروباوەڕێکی وا باوبوو کە دەکرێ ئەوشێوە دامەزراوانەی لەشارە بچوكو سەربەخۆکانی وەك ئسپارتە وڕۆمادا دروست بوون، بەسەر ئەو نەتەوانەی ئێمەشدا پیادە ببن کە ئەندامەکانیان لەنێوان سی تاچل ملیۆنێ کەسدایە. لەم رۆژگارەشماندا هەڵەیەکی زۆر گەورەتر دەکرێ، ڕەگەز(عرق) و نەتەوە

تێکەڵدەکرێن، هەروەها خەسڵەتێکی سەروەریی وا دەدەینەپاڵ گروپگەلە ئیتنۆگرافییەکان، یان زمانەوانییەکان هەر هاوشێوەی ئەو سەروەرییەیە کە دەدرێتە گەلە بەڕاستی راساوەکان..با هەوڵ بدەین لە چارەسەرکردنی ئەم مەسەلە قورسەدا برێك وردەکار بین. چونکە دەکرێ هەر لەسەرەتای شیکردنەوەکەوە کەمترین شێواندن لەمانای وشەکاندا شوومترین هەڵە لە ئاکامەکەدا دروست بکات. ئەوەی ئێمە پێیهەڵدەستین کارێکی فرە وورده، نیمچە پرۆسەیەکی توێکاریکردنە. ئێمە ئێستە بەشێوەیەك لە زیندووەکان دەدوێین کە ئەوشێوەیە واباوە قسەی لە مردووەکان پێبکرێت.بۆیە ئێمە هەرچەند پێمان بکرێت هەوڵی دەمارساردی و بێلایەنی دەدەین.



# ١

لەکاتی کۆتاییهاتنی ئیمپراتۆریەتی رۆمانییەوە، یان روونتر بڵێین لەسەردەمی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی شارڵمانەوە ئەوروپای رۆژئاوامان وادێتەپێشچاو کە بەسەر چەند نەتەوەیەکدا دابەش بووە، هەندێکیان لە سەردەمێکی دیاریکراودا هەوڵی ئەوەیان داوە کە دەستەڵاتی خۆیان بەسەر ئەوانی تردا پیادەبکەن، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە بۆماوەیەکی درێژخایەن ئەوەبکەن ئەوەی کە (شارڵ کوانت و لویسی چواردەهەم و ناپلیۆنی یەکەم) نەیانتوانی بیکەن، لەوەدەچێت کەسی تریش نەتوانێت لە ئایندەدا بیکات.دیارە بوونیادنانەوەی ئیمپراتۆریەتێکی تری رۆمانیی نوێ ، یان نوێکردنەوەی

ئیمپراتۆریەتەکەی شارلمان بوە بە مەسەلەیەکی نەکردەنی. چونکە دابەشبوونەکەی ئەوروپا هێندە گەورەبووە، کە هەر هەوڵێکی زاڵبوونی جیهانی خێرا وا لە ئەوانی دی دەکات کە هاوپەیمانێتییەکی وا دروست بکەن لەدژی کە بگەڕێتەوە ناوسنورە سروشتییەکەی خۆی.جۆرە هاوسەنگییەك سەریهەڵداوە کە ئەگەری ئەوەی هەیە زۆر بەردەوام بێت. هەریەکە لە فەرەنسە و ئینگلتەرەو ئەڵمانیا و روسیا سەرباری ئەو سەرکێشییانەش کە کردوویانە وەك تاکگەریی مێژوویی دەمێننەوە. ئەمانە داشە بنچینەییەکانی یارییەکی دامەن کە خانەکانیان بەبێ وەستان لەڕووی گرنگی و گەورەییانەوە ڕەنگگۆڕین دەبینن، بەڵام هەرگیز بەوە قایل نابن کە تێکەڵ بەیەکتر بکرێن.

ئێمە ئەگەر بەمشێوەیە لە مێژوو تێبگەین، ئەوا بەلای مێژووەوە شتێکی نوێ دەبن، سەردەمە کۆنەکان نەیناسیون (میسرو چینو کلدەی دێرین) لە هەر پلەیەکدا



بووبن نەتەوە نەبوون. بەڵکو ڕەشۆکییەك بوون کە کوڕێکی خۆر، یان کوڕێکی ئاسمان بەڕێوەیبردوون. نە هاووڵاتیی میسری لەئارادابووەو نەهاووڵاتیانی چینییش هەن. سەردەمی کلاسیکیی دێرین کۆمەڵە کۆمارییەكو شانشینییەکی خۆجێییو کۆنفیدراڵیی کۆمارە خۆجێییەکانو ئیمپراتۆریەتی بەخۆیەوە بینییوە، بەڵام نەتەوەی بەو مانایە بەخۆیەوە نەدیووە کە ئێمە لێی تێدەگەین. ئەسیناو ئیسپارتەو سەیدونو سوور چەند ناوەندێکی بچووك بوون کە تێزێکی نیشتمانیی سەرسووڕهێنەر لەناویاندا بەرجەستە بووە، بەڵام وەك شارگەلێك لەسەر ڕووبەرێکی هەرێمایەتیی نیمچە بچووك دەمێننەوە. مەغۆلستانو ئیسپانیاو ئیتالیا پێش ئەوەی ئیمپراتۆریای رۆمانی هەڵیان بلووشێت هۆزگەلێك بوون کە زۆربەی جار لەناو خۆیاندا هاوکاری یەکتربوون، بەڵام دامەزراوەی ناوەندیو وەچەی فەرمانڕەوایان نەبووە. (ئیمپراتۆریەتی ئاشووریو ئیمپراتۆریەتی فارسیو

ئیمپراتۆریەتی ئەسکەندەریش) وڵات نەبوون. هەرگیز کەسانی نیشتمانپەروەری ئاشوری لەئارادا نەبوون، ئیمپراتۆریای فارسییش دەرەبەگێتییەکی بەرفراوان بووە. هەروەها تاکە نەتەوەیەکیش نابینین کە ڕەچەڵەکەکانی خۆی بە سەرکێشییە گەورەکەی ئەسکەندەرەوە گرێبدات، ئەگەرچی کە ئەو سەرکێشییەش سەبارەت بە مێژووی گشتیی شارستانی کۆمەڵە بەرەنجامێکی زۆری هەبووە.

بەڕاستی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی (زیاتر لە هەرشتێکیتر) لەوەوە نزیک بووە کە نیشتمان بێت.. چونکە هەر لەگەڵ وەستانی ئەو شەڕانەدا کە چاکەی باشیان لێکەوتەوە، هەر زوو دەستەڵاتی ڕۆمانییەکان لەلای دڵان خۆشەویست بوو، ئەگەرچی لەسەرەتاوە زۆر توندوتیژ بوون.

ئەو ئیمپراتۆریایە گردبوونەوەیەکی گەورەی هاوکووفی یاساو ئاشتیو شارستانی بوو. لەدوواکاتەکانی ژیانی ئیمپراتۆریەتەکەش لەلای خەڵکە دڵسافەکانو



قەشەڕۆشنگەرەکانو خەڵکە خوێندەوارەکان هەستکردنێکی راستەقینە بە "ئاشتیی ڕۆمانییانە" پەیدابوو، کە دیارە ئەو ئاشتییە پێوانەی ئەو بێسەروبەرییەیە کە لە بەربەرییەتدا هەیە. بەڵام ئیمپراتۆریایەك کە ڕووبەرەکەی دوانزە هێندەی رووبەری فەرەنسەی ئێستەبێت، ناتوانێت بەپێی مانانوێیەکەی ووشەی دەوڵەت، دەوڵەتێك دروست بکات. چونکە دابەشبوون بەسەر رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا مەسەلەیەکە هەرگیز ناتوانیت خۆتی لێ لابدەیت. ئەو هەوڵانەش کە لەسەدەی سیانزەی زاینییدا دران بۆئەوەی ئیمپراتۆریایەکی (غۆلی - واتە وڵاتی غۆلستان) بونیادبنێن بە ئاکام نەگەیشتن. ئەوە غەزووکردنە جێرمانییەکان بوون ئەو پرەنسیپەیان هێنایەجیهانەوە کە پاشتر وەك بنچینەیەك بۆ بوونی ڕەگەزەکان بەکارهێنرا.

یان بەڕاستی گەلە جێرمانییەکان لە داگیرکارییە گەورەکانی سەدەی پێنجی زایینییانەوە بۆ دوا غەزووە نۆرماندییەکانی سەدەی دەیەمیان چییان کرد؟

دیارە گۆڕانکارییەکی کەمیان لە قووڵایی ڕەچەڵەکەکاندا کرد، بەڵام چەند بنەماڵەو ئەرستۆکراتیەتێکی سەربازییان بەسەر چەند بەشێکی ئیمپراتۆریەتە دێرینەکەی ڕۆژئاوادا سەپاند. لەبەرئەوە ئەم بەش، یان ئەو بەشی شوێنە غەزووکراوەکان کەبڕێك گرنگ بوون ناوی داگیرکەرەکانیان وەرگرت. لێرەوە پاشتر ناوەکانی وەك فەرەنسە، بۆرگەندی، نۆرمەندی پەیدابوون. ئەو زاڵبوونە خێرایەی کە ئیمپراتۆریای (فەرەنگی) لێی بەهرەمەند بوو، لەکاتێکی کەمی دیاریکراودا یەکێتیی ڕۆژئاوای بونیادکردەوە، بەڵام ئیمپراتۆریەتەکە لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا بەیەکجاری تێکشکا. پەیماننامەی (فەردان) چەند دابەشبوونێکی جێگیری لەڕووی پرەنسیپەوە چەسپاند، لەوکاتەوە ئیتر فەرەنسەو



ئەڵمانیاو ئینگلتەرەو ئیتالیاو ئیسپانیا ملی ڕێگەی خۆیانیان گرت، ئەگەرچی ڕێگەکەیان زۆرجار لێرەواری وەڕێ هاتووەو لەڕێگای چەسپاندنی بوونە نەتەوەییە تێرەکەی خۆیاندا بەوشێوەیەی کە ئەمرۆ دەیبینین ئاوەڵاتریش دەبن، هەزار سەرکێشییان بەخۆوەدیووە.

بەڵام بەڕاستی چ شتێك مۆری تایبەتمەندی بەو وڵاتە جیاوازانەوە دەنێت؟

ئەوە لەناویەکدا تووانەوەی ئەو دانیشتوانەیە کە ئەو ووڵاتانە پێکدەهێنن. لەو وڵاتانەدا کە ناومان هێنا شتێك نابینین هاوشێوەی ئەوە بێت کە لە تورکیادا دەیبینین، کە ئەمرۆش هەروەك یەکەم ڕۆژی کۆنترۆڵکردنەکەیان تورکەکانو سلاڤەکانو یۆنانییەکانو ئەرمەنییەکانو عەرەبەکانو سورییەکانو کوردەکان لە یەکتر جیاوازن. دوو بار هەن لە گەیشتن بەم بارودۆخەدا بنچینەیین: یەکەمیان ئەو ڕاستییەیە کە هەرهێندەی بەریەککەوتنێکی بڕێك بەردەوام لەگەڵ گەلە گریکو

لاتینەکاندا دروست بوو، ئیتر گەلە جێرمانییەکانیش ئاینی مەسیحیەتیان وەرگرت. کاتێکیش کە زاڵو بەزیو سەر بەهەمان ئاین دەبن، یان باشتر بڵێین کە زاڵەکە ئاینی بەزیووەکەی وەرگرت، وەك ئەوەی کە لە دامەزراوە تورکییەکەدا دەیبینین ئیتر هەڵاواردنێکی ڕەها لەنێوانی مرۆڤەکاندا لەسەر بنەمای ئاینی لەئارادا نامێنێت، ناکرێ شتی واش ڕوودات.

باری دووەم ئەوەیە کە داگیرکەرەکان زمانەکەی خۆیان لەبیربکەن، وەچەکانی (کلۆڤیس و ئالاریك و گۆندەبۆ و ئەلبوانو رۆلۆن) پێشتر بەزمانی رۆمانی قسەیان کردووە.

ئەم راستییە بۆخۆی بەرەنجامی تایبەتمەندییەکی تری گرنگ بووە، ئەویش ئەوەیە کە (فەرەنگیو بۆرگەندیو گۆتییەکانو لۆمباردیو نۆرمەندییەکان) ژمارەیەکی زۆر کەمی ئەو ژنانەیان لەگەڵدابووە کە لە هەمان ڕەچەڵەکی خۆیان بوبن. سەردەمانێ چەندان وەچە سەرکردەکان لە ژنە جێرمانییەکان نەبێ ژنی تریان نەهێناوە، بەڵام



کابانان و دایەنەکان لە ژنانی لاتین بوون، هۆز هەرهەمووی لە لاتینییەکان ژنیان دەهێنا، ئەم مەسەلەیە وایکرد کە وەچەی فەرەنگی و گۆتییەکان لەپاش جێنشینبوونی فەرەنگی و گۆتییەکان لەناو خاکی رۆمانیدا چارەنوسێکی کورتخایەنیان هەبێت. بەڵام لە ئینگلتەرە مەسەلەکە بەمشێوەیە نەبوو، چونکە پەلامارە ئەنگلۆساکسۆنییەکان لەگەڵ خۆیاندا ژنیان پێبوو و هێنابوویان، ئەمە مەسەلەیەکە گومانی تێدانییە، دانیشتوانە بەریتانییەکانیش هەڵاتن، لەوەش بەدەر زمانی لاتینی نە ئێستەو نەجاران لەهەرێمی بەریتانیدا زاڵ نەبووە. چونکە ئەگەر بۆنمونە هەموو خەڵك لەوڵاتی غۆلستاندا لەسەدەی پانزە بە زمانی غۆلی قسەیان کردبا، ئەوا (کلۆڤیس)و گروپەکەی وازیان لەزمانی جێرمانی نەدەهێنا بۆئەوەی بەزمانی غۆلی قسە بکەن.

لێرەوە بەرەنجامە سەرەکییەکەمان دێتەدەست، کە بریتییە لەوەی سەرباری ئەو تووندوتیژییەی کە کارو

کردەوەکانی جێرمانییە داگیرکەرەکانیان پێدەناسرێتەوە، ئەو قاڵبەی کە ئەوان سەپاندیان، بەدرێژایی چەندان سەدە بوو بە قاڵبی (نەتەوە). بۆ نمونە وشەی (فەرەنسە) بەشێوەیەکی زۆر ڕەوا بوو بەو ناوەی کە بە وڵاتێکەوەنرا، کە کەمایەتییەکی زۆر کەمی (فەرەنگییەکان) نەبێت کەسی تر نەچۆتە ناوی. لە یەکەمین گۆرانییەکانی سەدەی دەیەمی زایینیی (بزوتنەوەکەدا) کە دەکرێ ئاوێنەیەکی تەواوو روونی گیانی ئەو سەردەمە بوبن دەردەکەوێ کە هەموو دانیشتوانی فەرەنسە خەڵکانی فەرەنسین. بیرۆکەی بوونی جیاوازییش لەناو ڕەگەزەکانی ناو دانیشتوانی فەرەنسەدا، لەلای (گریگۆر دی تۆر) بیرۆکەیەکی زۆر ئاساییەو لەهیچ پلەیەکداو خۆبەخۆش لەلای نوسەرانو شاعیرە فەرەنسییەکان "ئەوانەی بەدووای هۆنگ کابێ دا هاتن" دەرناکەوێت. جیاوازیی نێوانی خانەدانو ڕەشۆکی شتێکە ئەوپەڕی تووندڕەویی بەخۆوەدیووە، بەڵام جیاوازیی کەسێك بۆکەسێکی تر بەهیچ شێوەیەك



لەشێوەکان جیاوازییەکی ئیتنی نەبووە، هێندەی ئەوەی کە جیاوازییەك بوووە لەزیرەکی، لە نەریت، و لەشێوازی پەروەردەیی بۆماوەییدا، ئەوبیرۆکەیەش بەبیری کەسدا نەهاتووە کە دەڵێت ڕەچەڵەکی هەموو ئەم شتانە (فەتحکردن)ەکانە. ئەو بۆچوونە هەڵەیە کە دەڵێت ڕەچەڵەکی خانەدانی دەگەڕێتەوە سەر ئیمتیازێك کە پاشا لەبەرامبەر بەو خزمەتگوزارییانەدا بەخشیوویەتی کە پێشکەش بە گەل کراون. واتە هەر خانەدانێك مرۆڤێکە کە خەسڵەتی خانەدانیی درابێتەپاڵ. ئەمە وەك ئەوەی بووبێتە بیروباوەڕێك لە سەدەی سیانزەوە چەسپیوە، دەتوانیین بڵێین هەمان ئەم شتە لە هەموو فەتحکردنە نۆرماندییەکاندا ڕوویداوە. بەڵام لەپاش هاتنی وەچەیەك یان دوو وەچە ئیتر جیاوازی لەنێوانی داگیرکەرە نۆرماندییەکانو خەڵکانی تری ئاساییدا نەماوە. کەچی ئەمەش لەبڕی کاریگەرییە قووڵەکەیانی کەم نەکردۆتەوە، چونکە ئەمانە چینێکی خانەدانانو داهاتگەلێکی

سەربازیو تێزێکی نیشتمانپەروەرێتیی بە وڵاتە داگیرکراوەکان بەخشیوە، کە پێشتر ئەو وڵاتانە بەخۆیانەوەیان نەبینیوە.

لەبیرچوونەوەو نەخێر بگرە هەڵەکردنی مێژووییش هەردووکیان فاکتەرێکی بنچینەیی دامەزراندنی نەتەوەیە. لەبەرئەوە زۆرجار پێشکەوتنی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان مەترسییەکی تێدایە (ڕەگەزنامە) دەخاتە بەر هەڕەشە چونکە توێژینەوەی مێژوویی، بەڕاستی تیشك دەخاتەسەر ئەو ڕووداوە توندوتیژانەی کە لە سەرەتای هەموو ڕێکخراوبوونێکی سیاسیدا ڕوویانداوە، بەو ڕێکخراوانەشەوە کە باشترین ئەنجامیان لێکەوتۆتەوە. هەمیشە یەکێتییەکان بەشێوەیەکی زبر ڕوودەدەن، بۆ نمونە یەککەوتنی فەرەنسەی باکور لەگەڵ فەرەنسەی ناویندا ئەنجامی پرۆسەیەکی قەڵاچۆکردن و تیرۆر بووە کە بەدرێژایی نزیکەی سەدەیەك بەردەوام بووە. پادشای فەڕەنسە بە نمونە وەربگرن. ئەو نمونەیەکی نموونەییە



لەسەر دروستکردنی پرۆسەیەکی دێرینی گەلاڵەکردن، کە دەکری لە سەدەیەکدا یەك جار ڕوودات، پادشای فەرەنسە ئەو کەسەیە کە تەواوترین یەکێتیی نیشتمانیی دروستکردووە، ئەم پاشای فەرەنسەیە کاتێك لەنزیکەوە تێیدەڕوانین دەیبینین بەختەوەرییەکەی خۆی لەدەستداوە، چونکە ئەو نەتەوەیەی ئەو گەلاڵەی کرد کە هەستایەسەرپێی خۆی نەفرەتی لەوکرد، ئەمڕۆ تەنها کەسە ڕۆشنبیرەکان ماونەتەوە کە بەهاو شوێندەستەکانی ئەویان لەیادبێت.

ئەوەی کە وایکردووە کە ئەم یاسا گەورانەی مێژووی ئەوروپای ڕۆژئاوا هەستەوەربن .چونکە ئەو پرۆژەیەی کە پاشای فەرەنسە دەستی دایە، جارێك بە ستەمکاریو جارێکی دیکەش بە دادپەروەریو بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش سەرکردایەتیی کرد، زۆری وڵاتان نەیانتوانی ئەنجامی بدەن، چونکە لەسەردەمی سان ئاتیاندا (مادگیارو سلاڤەکان) وەك هەشت سەد ساڵی لەوەوپێشی خۆیان هەر

بە لەیەك جیاوازی مانەوە، بەڵكو زۆربەی كاتەكانیش دژایەتیی یەكتریان دەكرد. لە بۆهیمیاش دەبینین هەردوو ڕەگەزی چیكی و ئەڵمانی وەك ئاو و ڕۆن لە قاپێك ترنجێنراوبوون، سیاسەتەكانی توركیش كە كاری لەسەر ئەوە دەكرد لەسەر بنەمای جیاوازیی ئاین جیاوازی لەنێوانی ڕەگەزەكاندا بكات ئەنجامی خراپترو ترسناكتری لێكەوتەوە: ئەو بوە هۆی ڕووخاندنی رۆژهەلات: بۆ نمونە شاری (سالۆنیك یان سەمیرنا) وەربگرن دەبینن پێنج شەش گرووپی تێدایەو هەر گروپەو یادەوەریی تایبەت بەخۆی هەیە، تەنانەت ناتوانیٚ یەك شتی هاوبەش لەنێوانیاندا بدۆزینەوە، دەشزانین كرۆكی نەتەوە ئەوەیە كە خاڵی هاوبەشی زۆر لەنێوان  تاكەكانیدا هەبن. بگرە زۆری ئەوتاكانە زۆری شتەكانیان لەیادچۆتەوە. واتە ئێستە هیچ هاووڵاتییەكی فەرەنسی نییە كە بزانێت ئایا "بۆرگەندییە، یان تایگڵە، یان فیزیگۆت"ە. پێویستە ئێستە هەمو هاووڵاتییەكی فەرەنسی"سان برتلمی" و ئەو



قەسابخانانەی لەیادچووبێت كە لە سەدەی سیانزەدا لەهەرێمی ناوەڕاست ڕوویانداووە. ئێستە لە فەرەنسەدا دە خێزانت دەست ناكەوێت كە بتوانێت بەڵگەی حاشاهەڵنەگرت لەسەر ڕەچەڵەكی فەڕەنگییانەی خۆی پێشكەش بكات، ئەگەر پێشكەشیشی بكات لاوازو سست دەبێت، بەهۆی هەزار خاڵی یەكتربڕینەوە كە لەوانەیە ئەو سیستمانە بشێوێنێت كە ڕەچەڵەكنوسەكان كاری پێدەكەن.

كەوابێ نەتەوەی نوێ بەرەنجامێكی مێژووییە، زنجیرەیەكی ڕووداوی یەكئاراستەی بەیەكگەیشتوو هەڵیانگرتووە. یەكگرتنەكەی جارێك لەسەر دەستی وەچەیەكی فەرمانڕەوا بووە وەك ئەوەی فەرەنسە، جارێكی دیكە بەهۆ چاكەی خواستی هاوبەشی هەرێمەكانەوە بووە، وەك هۆڵەندەو سویسرەو بەلژیك، جارێكی دیكەش یەكێتییەكەی بەهۆی ڕووحێكی گشتییەوە بووە، كە لەپاش دوواكەوتنێك بەسەر ئارەزووی كۆلاكەكاندا سەركەوتووە، وەك ئەوەی لە ئیتالیاو ئەڵمانیا.

هەمیشە هۆکاری بوونێکی قووڵ هەبووە کە سەرۆکایەتیی ئەم یەککەوتنانە بکات.لەباری لەمشێوانەدا پرەنسیپەکان پتر لەهەر شتێکی چاوەڕووان نەکراوی تر دەتوانن ڕووبدەن. بەچاوی خۆمان لەم ڕۆژانەدا (ڕۆژانی سەردەمی رینان) بینیمان کە ئیتالیا بەهۆی شکستەکانیەوە یەکیگرتووەو تورکیاش بەهۆی سەرکەوتنەکانیەوە رووخاوە. هەر شکستێك کاروباری ئیتالیای بەرەو پێشتر بردووە، هەر سەرکەوتنێکیش تورکیای بەرەو سەرگەردانی پاڵ پێوە دەنا، ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئیتالیا نەتەوەیە، بەڵام تورکیا لەدەرەوەی سنوری ئاسیای بچووك نەتەوە نییە.سەروەریی لەمەدا بۆ فەرەنسە دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوە فەرەنسە بوو لەڕێگەی شۆڕشی فەرەنسییەوە جاڕی ئەوەی دا کە نەتەوە خۆبەخۆ دێتەئاراوە. پێویستیش نییە ئێمە ئەوە بە خراپ دابنێین کە خەڵکانی دی لاسایی ئێمە بکەنەوە، پرەنسیپی نەتەوەش پرەنسیپی ئێمەیە. بەڵام ئەی کەوابێ نەتەوە



چییە؟ بۆچی هۆڵەندە نەتەوەبێت، بەڵام نە هانۆڤەر و نە دۆقە گەورەکەی بارما نەتەوە نەبن؟ ئەی چۆن فەرەنسە هەر بە بەردەوامی نەتەوەبێت، لەکاتێکدا کە ئەو پرەنسیپەی ئەو دایمەزراند نەماوەتەوە؟چۆن سویسرە نەتەوەیەك پێکدەهێنێت؟ ئەوێك کە سێ زمانو دوو ئاینو سێ چوار ڕەگەزی تێدایە، بەڵام بۆ نمونە کە تائەو هەندە زۆرەش گونجاو و یەکگڕەنگە ، نەتەوە نەبێت؟ بۆچی نەمسا دەوڵەت بێت و نەتەوە نەبێت؟ئایا پرەنسیپی رەگەزەکان بەچی لەپرەنسیپی دەمارەکان جیاوازدەبێت؟ ئەمانە ئەو مەسەلانەن کە ئەگەر یەکێك هۆشی بیرکردنەوەی هەبێت دەستیان پێوەدەگرێت بۆئەوەی لەگەڵ خۆیدا کۆك بێت. هەڵبەتە ڕاستە هەرگیز کاروباری جیهان لەڕێگەی ئەمجۆرە هۆکاردۆزینەوانەوە ڕێکناخرێت، بەڵام پیاوە کارامەکان مەیلیانە برێك لە ئاوەز بەرنە ناو ئەم مەسەلانەوەو ئەو تەمومژانە نەهێڵنەوە کە ناخە ڕووکارییە بێ ناوەڕۆکەکان تێیدا دەشێوێن.

## ٢

لەکاتی گوێگرتن لە بۆچوونی هەندێکی تیۆرکارە سیاسییەکاندا، وامان بەخەیاڵدا دێت کە نەتەوە پێش لە هەرشتێك (وەچەیەك) بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوایە. نوێنەرایەتیی دەستبەسەردا گرتنێکی دێرین دەکات، ئەو دەست بەسەرداگرتن لەسەرەتاوە پەسەندکراوە، پاشان جەماوەری گەل لەبیری چۆتەوە. بەپێی ئەو سیاسەتمەدارانەی ئاماژەمان پێدا، هەموو ئەو ناوچە کۆکردنەوانەی کە بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوا لەڕێگەی شەڕەوە، یان لەڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە ، یان لەڕێگەی پەیماننامەکانەوە کۆیان کردوونەتەوە:بەکۆتاییهاتنی سەردەمی ئەو وەچەیەی کە دروستی کردوون کۆتاییان



دێت. ئەوە زۆر ڕاستە کە بڵێین زۆرینەی نەتەوە مۆدێرنەکان لەسەر دەستی خێزانێك دروستکراون کە ڕەچەڵەکێکی کۆلاکییان هەبووە. ئەم خێزانانە ئەوانەن کە زەماوەندێکیان لەگەڵ زەویدا مۆرکردووە و دوواییش بوونەتە ناوکی پرۆسەیەکی چەقبەستن. مەرزەکانی فەرەنسە لە ساڵی (١٧٨٩)دا لە هیچ تایبەتمەندییەکی سروشتی یان فرەپێویست بەهرەمەند نەبوون. ئەو ناوچە فراوانەی کە خێزانی (کاتبییەکان) لە پەیماننامەی (فەردان)دا خستیانەسەر مەرزە بەرتەسکە نەخشەکێشراوەکان، لەڕاستیدا دەستکەوتێکی کەسێتی بوو بۆ سەر بەرژەوەندیی ئەو خێزانە. چونکە لەوسەردەمانەدا کە پرۆسەی خستنەسەرەکان ڕوویاندا، نە بیرۆکەی سنوری سروشتی ناسراو بوو، نە مافی نەتەوەکان‌و نە خواستی ناوچەکان. یەکگرتنێك کە ئینگلتەراو ئێرلەندەو ئیکۆسیای گرتەوە، ئەوەش هەر مەسەلەیەك بوو، بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوا دروستی کرد. ئیتالیاش لە

بەنەتەوەبووندا زۆر دووانەکەوت، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ ماڵێك لە ماڵە زۆروزەوەند و فەرمانڕەواکانی، پێش ئەم سەدەیەی ئێمە خۆی نەکردبووە ناوەندێك بۆ یەکێتی، شتێکی نامۆ بوو کە یەکێکی ئەو مالانە لە دوورگەی بێ بەهای (سەردینیا)دا کە بە ئاستەم خاکێکی ئیتالییە نازناوی پاشایی وەربگرێ (١). هۆڵەندەش کە بەهۆی ورەیەکی پاڵەوانانەوە خۆی خۆی پێگەیاند، زەماوەندێکی گەرموگووڕی لەگەڵ ماڵی (ئۆرانج)دا کرد، بەمەش خۆی خستە بەر مەترسییەکی ڕاستەقینە، مەترسیی ئەوەی کە رۆژێك بێتەپێش ڕایەڵەکانی ئەو یەکێتییەی بشێوێن.

بەڵام ئایا ئەم لۆژیکە ڕەهایە؟ بێگومان نەخێر. بۆ نمونە هەریەك لە سویسرەو ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لەسەر شێوەی چەند گروپێك بوونو خراونەتەسەر یەك، هیچیان ڕەچەڵەکێکی بنەماڵەییان نەبووە. هێندەی پەیوەندیی بە فەرەنسەوە هەبێت، لێرەدا باسی ناکەم، چونکە پێویستە بزانین ئاینده چیی بۆمان شاردۆتەوە.



بەڵام با هەر ئەوەندە بڵێین کە ئەم شانشینییەی فەرەنسە جاران مۆرکێکی نەتەوەیی زۆر بالآی هەبووە، تائەو ئاستەی کە ئیتر نەتەوەیی توانیویەتی لەگەڵ بوونو نەبوونی شانشینییەکەدا بوونی خۆی بچەسپێنێت. با ئەوەشی لەپاڵدا بێت کە سەدەی هەژدە هەموو شتەکانی گۆڕیبوو. مرۆڤ لەپاش چەند سەدەی ڕسووایی گەڕایەوە سەر ڕێگە ڕەوانە دێرینەکەی جارانی خۆی، گەڕایەوەسەر ڕێزگرتن لەخۆی، سەر ئەو بیرۆکەیەی کە پەیوەندیی بەمافەکانەوە هەیە. ئەو وشانەی کە پەیوەندییان بە نیشتمانو هاوولاتییەوە هەبوو ماناکانی خۆیانیان گەڕاندەوە بۆخۆیان. بەمشێوەیەش ئەنجامدانی ئەو پرۆسە زۆربوێرانەیە ڕەخسا کە مێژوو پیادەکردنێکی لەوێنەی ئەوی بەخۆیەوە نەبینبوو.ئەوە پرۆسەیەك بوو کە دەکرێت لە بواری فیسیۆلۆژیادا لەگەڵ شتێکدا بەراورد بکرێت کە بریتییە لە هەوڵی گەڕاندنەوەی یەکەمین

ناسنامەی ژیان بۆ جەستەیەك كە مێشك و دڵی لێكرابێتەوە.

كەواتە پێویستە دان بەوەدا بنێین كە نەتەوە بەبێ بوونی پرەنسیپی بنەماڵەییش دەتوانێت بوونی خۆی پیادەبكات، هەروەها دەكرێ چەند نەتەوەیەك لەسەر دەستی چەند بنەماڵەیەكی فەرمانڕەوا گەلاڵە بووبن و دوواتریش لەو بنەماڵانە جیابوبێتنەوە بەبێ ئەوەی كە جابوونەوەكە بوبێتە هۆكاری نەمانەوەی نەتەوەكە.. واتە ئەو پرەنسیپە دێرینەی كە مافی میرەكان نەبێت هیچی تر لەبەرچاوناگرێت، ئەو توانای جێگیری و بەردەوامییەی نەماوەتەوە، چونكە ئێستە جگە لەمافی بنەماڵەیی مافی نەتەوەییش لەئارادایە،بەڵام ئایا ئەو پێوەرە چییە كە ئەم مافە نەتەوەییەی لەسەر بونیاد دەنێین؟ بەهۆی چ هێمایەكەوە بیناسینەوە؟ لە كام ڕووداوی بەرجەستەوە دایبتاشین؟



(١)-لە دەمارەوە.زۆر كەس بە جەسووری وادەڵێن. چونكە دابەشبوونە دەستكردەكانی بەرەنجامی كۆلاكیو زەماوەندی میرزادەكانو كۆنگرەی دیپلۆماسییەكان ئەو سەردەمەی جارانیان نەمایەوە. شتێك كە بە ڕەقیو جێگیری مایەوە دەماری دانیشتوانەكان بوو. ئەمە ئەو شتەیە كە مافو ڕەوایی پێكدەهێنێت. بەپێی ئەو تیۆرەی كە دەیخەمە پێشچاو: بۆ نمونە (خێزانی جێرمانی) مافی ئەوەی هەیە ئەندامە پەرشو بڵاوەكانی مەزهەبی جێرمانی بگەڕێنێتەوە لای خۆی، ئەگەرچی ئەو ئەندامانە داوای ئەوەشیان نەكردبێت كە یەكتری ببیننەوە. بەمەش مافی پەیوەستی جێرمانی بەسەر هەر ناوچەیەكدا بەهێزتر دەبێت لەو مافەی كە خەڵكی خودی ناوچەكە خۆیان هەیانە لەناو ناوچەكەیاندا. بەم ڕێگایە جۆرێك لە مافی بەرایی سەرهەڵدەدات كە هاوشێوەی ئەو مافەیە پاشاكان لە حەقی خواییەوە وەریدەگرن. پرەنسیپی نەتەوەكانیش دەگۆڕێت بە پرەنسیپی (ئەتنۆگرافیا-

مرۆناسیی وەسفی)دا. ئا ئەمەش هەڵە گەورەکەیە، ئەگەر بۆی لوا و زاڵ بوو، ئەوا شارستانیی ئەوروپاییش لەدەست دەچێت. چونکە هەرچەند پرەنسیپی نەتەوەکان دادپەروەرانەو ڕەوابێت، هێندەش بەپێی پێشکەوتنی ڕاستەقینە مافی پێشەنگ بوونی یەکەمیی دەمارەکان بەرتەنگ و مەترسیدار دەبێ.

ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە شوێنکەوتەی دەمار لەناو هۆز و شارۆچکە دێرینەکاندا لەگرنگیدا بە پلەی یەکەم دێت. چونکە هۆز و شارۆچکە دێرینەکان لە درێژبوونەوەیەکی خێزان پتر چیدیکە نەبوون. لە ئەسپارتەو ئەسینادا هەموو هاوڵاتییەکان بە پلەی نزیك و دوور خزم بوون. لەلای بەنی ئیسرائیلیش شتەکە هەر بە هەمان شێوە بوو. هۆزە عەرەبەکان تا ئێستەش هەر وەهان. با لە ئەسپارتە و ئەسینا و هۆزی بەنی ئیسرائیلەوە بەرەو ناو ئیمپراتۆریای رۆمانی بچین. رەوشەکە لەوێ تەواو جیاوازە. چونکە هەر لە سەرەتاوە



ئیمپراتۆریەتەکە لەسەر بنەمای توندوتیژی دامەزرا، دوواییش بە هۆی بەرژەوەندییەوە درێژەی کێشا. بەڵام ئەم برە زۆرەی شارو ناوچە جیاوازانە کە زۆر لەیەکتر جیاوازن بەرەو بیرۆکەی دەمارێکی پرمەترسیترو بەهێزتر ئاراستەمان پێدەدات. ئەویش فەلەییە (مەسیحییەت). ئەمەش لەبەرئەوەی کە مۆرکێکی جیهانیو ڕەهای هەیە، ئەمیش بە ڕێگایەکی کاریگەرتر بە هەمان ئاراستەدا کاردەکات. ئاینی فەلەیی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا پەیمانێکی پتەویان بەست. لەئەنجامی ئەم دوولایەنە کارایەی یەکتاپەرستییەوە کە هەردووکیان بێوێنەن، بۆ چەندان سەدە بەهانەی ئەتنۆگرافی لە سەرۆکاریکردنی کاروباری مرۆیی دوورخرایەوە. داگیرکارییەکانی بەربەرییەکان سەرباری ڕوواڵەتە دەرەکییەکانیشی هەنگاوێکی زیاتری رۆشتن بوو لەسەر ئەم ڕێگەیە .چونکە ئەو پرۆسەی پەرت و پارچە پارچەکردنانەی کە شانشینییە بەربەرییەکان بە خۆیانیانەوە بینی هیچ

بنەمایەكی ئیتنۆگرافییانەیان نەبوو، بەڵكو تەواوی ئەم كردەوانە لەرێگەی هێزەوە و بە ئارەزوی داگیركاران كرابوون. بە ڕوانینی ئەم داگیركارانە هەرگیز دەماری ئەو دانیشتوانانەی ملكەچ دەكران مەسەلەیەك نەبوو شایانی باس بێت. شارڵمانیش بەشێوازی خۆی هەمان ئەوشتەی دروستكردەوە كە ڕۆما پێش ئەو دروستی كردبوو. یەك ئیمپراتۆریا كە لە زۆرترین دەمار و ڕەگەز پێكهاتبوو، بونیادنەرانی پەیماننامەی "فەردان"یش هەروایان كرد، بە ئەعسابی ساردەوە دووهێڵی گەورەیان لەباكورەوە بۆ باشور كێشا و هیچ نیگەرانییەكیان لەسەر ڕەگ و دەماری ئەو خەڵكانەش نەبوو كە دەكەوتنە سەر ڕاست و چەپی هێڵەكان. لەسەردەمانی چاخە ناوینەكانیشدا سنور گۆڕینەكان هەروەها و بەدەر لە هەر ئاراستەیەكی ئەتنۆگرافی ڕوویاندا. ئەگەر ئەو سیاسەتەش كە خێزانی كابتی گرتییەبەر گەیشت بەو ئەنجامەی كە هەموو خاكە دێرینەكانی غۆل لەژێر ناوی: فەرەنسەدا كۆبكاتەوە، ئەمە



مانای ئەوەنییە كە ئەو مەسەلەیە لە ئەنجامی ئارەزووی ئەو وڵاتەدا بوبێت بۆ ئەوەی پەیوەندی بە دەستەخوشكەكانیەوە بكات. چونكە لەلای كانتۆنەكانی "دۆڤین و بریس و پرۆڤنس و فرانش كۆنتە" شتێكی وا نەمابۆوە بتوانین ناوی بنێین یادەوەریی ڕەچەڵەكێكی هاوبەش. چونكە هەر لە سەدەی دووەمی زایینەوە هەموو ڕوواڵەتەكانی هۆش و هەستی (غۆلی)پەرش‌و بڵاووبوبۆوە. بۆیە تا ئەم ڕووانینە قووڵەی ئەم رۆژگارەمان نەهاتەئارا وێنەیەكی تاكێتیی مۆركی غۆلی نەهێنرایەوە بەرچاو.

بۆیە لەگەڵاڵەبوونی پێكهاتەی نەتەوە نوێیەكاندا رەهەندی ئەتنۆگرافی هیچ بەهایەكی نەبوو. ئەوە فەرەنسەیە "سلتی و ئایبری و جێرمانییە"، ئەڵمانیاش "جێرمانی و سلتی وسلاڤییە" هەرچی ئیتاڵیاشە، ئەوە ئەو وڵاتەیە كە تێیدا ئەتنۆگرافیا تووشی ئەوپەڕی پەشێوی هاتووە. لەوێدا تێكەڵەیەكی تێكچڕژاو لە ڕەگەزەكانی "غۆلی‌و ئەتروسی‌و بیلازجی‌و گریكی‌و زۆری

تری تێدا تێکەڵە". هەروەها دوورگەکانی بەریتانیاش نمونەی تێکەڵێکی خوێنی سلتی و جێرمانییەکانە، کە هێندە تێکەڵن زۆر ئەستەمە بڕو ڕێژەکانیان جیابکەینەوە. لەڕاستیدا دەمارێکی پوخت لەئارادانییە، هەوڵی چەسپاندنی هەر سیاسەتێکیش لەسەر شیکردنەوەی ئەتنۆگرافییانە مانای وایە لەسەر بنەمایەك دانراوە کە شیاوی لەناوچوونە. ئەوەتا لە وڵاتە زۆر خانەدانەکانیشدا، واتە ئینگلتەرەو فەرەنسە و ئیتالیا زیاتر لە هەرشوێنێك خوێنی دانیشتوانەکەی تێکەڵەیە. بەڵام ئایا ئەڵمانیا لەمڕووەوە بارێکی ناوازە پێکدەهێنێت؟ ئایا تەنها وڵاتێکی جێرمانیی پوختە؟ نەخێر، چونکە ئەمە وەهمێکی گەورەیە. چونکە هەموو (باشووری ئەڵمانیا) غۆلیی بووە.هەموو رۆژهەڵاتەکەشی لە هەرێمی ئەڵپەوە "سلاڤی"ییە: تەنانەت ئەو بەشانەشی کە دەڵێن بەڕاستی جێرمانییەکی پوختە، ئایا بەڕاستی وایە؟ لێرەدا لەگەڵ یەکێك لەو گرفتانەدا بەر یەك دەکەوین ، کە باش وایە



بیرۆکەی ڕوون و باشی لەسەر دروست بکەین و ووریابین تێیدا نەکەوینە هەڵەتێگەیشتنەوە.

مشتومڕەکانی سەر ڕەگەزەکان کۆتاییان نایەت، ئەمەش لەبەرئەوەی کە ووشەی (دەمار) لەلایەن مێژوونوسانو شێوازناسەکانی زمان (گیلۆلۆژییەکان)و ئەنسرۆپۆلۆژیستە فیزیاییەکانەوە بە دوو مانای تەواو لە یەکتر جیاواز وەردەگیرێن.(٢) لەلای مرۆڤناسەکان ووشەی دەمار هەمان ئەو مانایەی هەیە کە لەلای زیندەوەرناسەکان (زوولۆژیستەکان) هەیەتیو بوونی وەچەیەکی ڕاستەقینە دەگەیەنێت. لەگەڵ خزمایەتییەکدا لەسەر بنەمای خوێن. بەرەنجامەکەش ئەوەیە لێکۆڵینەوەکانی زمانەکانو مێژوو ناگەن بە هەمان ئەو دابەشکردنانەی کە لە جیهانی فیزیۆلۆژیادا پێیان ئاشنایین. چونکە لەناو مێژوو زمانناسیدا جێگەیەك نییە بۆ ووشەکانی وەکو (براشیسیڤاڵ)و (دۆلیشوسیڤاڵ). واباشترە بۆمان هەمان شت لەسەر ئەو گرووپە بەرایییەش بڵێین کە هەموو ئەو

زمان و دامەزراوانەیان داهێنا کە بە سامییەکان ناسراون.
با بە دەربڕینێکی تر بڵێین کە ڕەچەڵەکە زوولۆژییەکانی (ئاژەڵییەکانی) مرۆڤایەتی زۆرزۆر لە پێش ڕەچەڵەکەکانی رۆشنبیری و شارستانی و زمانەوەیە.
گروپە ئارییە بەراییەکانو گروپە سامییە بەراییەکانو تۆرانییە بەراییەکان، هیچ کامیان هیچ یەکەیەکی فیسیۆلۆژییانەیان نەبووە، بەڵکو ئەم کۆبوونەوانەیان کۆمەڵە ڕووداوێکی مێژووییو لەسەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا ڕوویانداوە: با بڵێین پانزە هەزار بۆ بیست هەزار ساڵێك دەبێ. بەڵام ڕەچەڵەکی ئاژەڵییانەی مرۆڤایەتی (ڕەچەڵەکە زوولۆژییەکەی) لەناو تاریکاییەکی زەمەنیدا وون دەبێت کە ئەستەمە بەژمارە بیخەملێنیتو حسابی بکەیت.بەدڵنیاییەوە ئەوشتەی کە پێیدەوترێت فیلۆلۆژیاو لەڕووی مێژووییشەوە ناوی ڕەگەزی جێرمانیی لێنراوە، لەناو چەشنی مرۆییدا خێزانێکی هەڵبژاردەیە.
بەڵام ئایا بەپێی مانا ئەنترۆپۆلۆژییەکەی ووشەکە



بریتییە لە "خێزان"؟ بێگومان نەخێر. چونکە دەرکەوتنی تاکڕەوانەی جێرمانی لەمێژوودا بە چەند سەدەیەکی کەمی پێش مەسیح ڕوویداوە. بەڵام وەك دەردەکەوێت جێرمانییەکان پێش ئەو سەردەمە نەکەوتبوونەبەر رۆشنایی. چونکە پێش ئەوە لەبەرئەوەی لەناو گرووپێکی "سکیتی"دا کە لێیان جیانەدەبوونەوە لەگەڵ سلاڤییەکاندا پێکەوەتووابوونەوە، جێرمانییەکان لەو گرووپەدا کەسێتییەکی تاکڕەوانەیان نەبوو..بەڵام کەسێتیی ئینگلیزیی بەڕاستی نمونەیەکی تاکڕەوانەیە لەناو تەواوی مرۆڤایەتیدا.. بەڵام ئەو نمونەیەی کە بە نارەوا پێیدەوترێت ڕەگەزی "ئەنگلۆساکسۆنی"(٣) نە پریتۆنەکانی سەردەمی سیزار و نە ئەنگلۆساکسۆنییەکانی سەردەمی هەنگیست و نە دانیمارکییەکانی سەردەمی کنوت و نە نۆرماندییەکانی سەردەمی گییومی ئاوەڵاکارن، بەڵکو بەرەنجامی هەموو ئەمانەیە بەیەکەوە. بۆیە کەسێتیی فەرەنسییش نە گۆلییەو نە فەڕەنگییەو نە

بۆرگەندی. بەڵکو ئەو شتەیە کە لە مەنجەڵە گەورەکەی کولاندنەکەوە دەرچوو، فرەڕەنگییەك بوو، بە سەرپەرشتیی پاشای فەرەنسە هەموو پێکەوە دانیان کێشا. واتە ئەو مرۆڤانەی کە لە ناوچەی"جێرسی"یان ناوچەی"گێرنیسی" دادەنیشێت، لەڕووی ڕەچەڵەکەوە هیچی لەو دانیشتوانەی نۆرماندی جیاواز نییە کە لە کەنارەکەی تەنیشتیانەوە نیشتەجێ بوون. لە سەدەی یانزەی زایینیدا هیچ چاوێکی بینا نەیدەتوانی کەمترین جیاوازی لەنێوانی ئەم دوو کەنارەی کەناڵەکەوە ببینێ.

کۆمەڵە ڕەوشێکی بێ مانا وایانکرد کە "فیلێپ ئۆگست" خۆی لەوە بشارێتەوە ئەو دوورگانەی تریش لەگەڵ بەشەکانی تری نۆرماندیدا پێکەوە گرێبدات. ئەگەر دانیشتوانی ئەم دوو ناوچە جیاوازە لە نزیکەی حەوت سەد ساڵەوە هەر بە جیایی و دوورلەیەك ژیان، ئەو جیاوازییانە وایکرد کە نەك هەر لەئاستی یەکتردا بێگانە بن، بەڵکو تەواو دوورەپەرێزیش بوون. دەمار وەك ئەوەی



ئێمەی مێژوونوسان، هەروەها مێژوونوسانی دیکەیش لێی تێدەگەین شتێکە ڕوودەدات و خەستیش دەبێتەوە. لێکۆڵینەوەی مێژوو بەڕووانینی ئەو زانایەی کە خۆی تەرخان دەکات بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی مرۆڤایەتی شتێکی بنەڕەتییە، بەڵام لەبواری سیاسەتدا بواری پیادەکردنی نییە. ئەوەتا ئەو هۆشە غەریزەییەی کە پێشڕەویی پرۆسەی ئامادەکردنی نەخشەی ئەوروپای کردووە هیچ حسابێکی بۆ دەمار نەکردووە. یەکەمین نەتەوەکانی ئەوروپا ئەو نەتەوانەن کە لە بنەڕەتەوە لەسەر بنەمای تێکەڵبوونی خوێنی ڕۆڵەکانی دروست بوون.

ڕاستیی دەمار: کە ڕەچەڵکێکی ڕەسەنی هەیە، دەڕوات، کەواتە هەمیشە لە گرنگییەکەی خۆی لە دەستدەدات. مێژووی مرۆیی لەبنەڕەتەوە جیاوازە لە جیهانی ئاژەڵان (زوولۆژیا). دەمار هەموو شتێك نییە لەم مێژووەدا، خۆ لەلای دڕندە و گۆشتخۆرەکانیش هەروایە. ئەو حەقەمان

نییە هەموو دونیا بگەڕێین بۆئەوەی کەللەسەری خەڵك بپشکنین، لە ملەوە بیانگرین و پێیان بڵێین"تۆ لە خوێنەکەی ئێمەیت، تۆ لەئێمەیت،چونکە بەدەر لە مۆرکە ئەنترۆپۆلۆژییەکان، ئاوەزو دادپەروەریو ڕاستیو جوانی هەیە. ئەمانە کۆمەڵە مەسەلەیەکن لەلای هەموو مرۆڤ هەن. بڕوانن ئەم سیاسەتە ئەتنۆگرافییانەش،ئەنجامەکانی مسۆگەر نین. ئەمڕۆ ئێوە لەدژی کەسانێکی دیکە بەکاریان دەهێنن، کەچی پاشان دەبینن بەسەر خۆشتاندا هەڵدەگەڕێتەوە ".چونکە چ شتێك ئەو ئەڵمانانە دڵنیا دەکاتەوە کە ئالای ئەتنۆگرافیایان بەرز بڵند کردۆتەوە، لەوەی کە ڕۆژێك لەڕۆژان نابینن سلاڤییەکان بێنو ناوی گوندەکانی هەردوو ناوچەی"ساکس و لۆزاس" بۆ خۆیان حەلاڵ بکەنو بەدووای شوێنەواری"ویلتز، یان ئۆبترێتییەکان"دا بگەڕێنو پاشان داوای قەرەبووی ئەو قەسابخانەو پرۆسە زۆر و زەوەندەی کڕینو فرۆشتنانە بکەن کە "ئۆتۆن"ەکان دەرحەق بە باوبیرانی ئەوان



کردوویانن. باشتروایە هەمووان فێری ئەوەببن کە چۆن ئەوشتانە لەبیربەرنەوە.

من ئەتنۆگرافیام زۆر حەز لێیە، ئەوە زانستێکە سوودێکی بێوێنەی هەیە، بۆیە ئەگەر منیش بمەوێت ئەم زانستە ئازادبێت، ئەوا ئەمەوێت پیادەکردنە سیاسییەکانی نەمێنێتەوە. چونکە لە ئەتنۆگرافیاشدا "وەك هەموو لێکۆڵینەوەکانی تر"سیستمەکان دەگۆڕێن، ئەمەش مەرجی پێشکەوتنە. بەڵام ئایا نەتەوەکان بە گۆڕانی سیستمەکان دەگۆڕێن؟ ئەگەر وابێ کەواتە سنوری وڵاتەکانیش شوێنی شەپۆلدانەکانی جیهان دەکەون. هەواداری نیشتمانپەروەرێتییش ملکەچی کردەیەکی ڕاڤەکردن دەبێ کە بڕێکی کەم تا زۆر موفارەقەی تێدادەبێت. لەوانەیە هەندێك کەس بێنو بە نیشتمانپەروەرێك بڵێن"تۆ هەڵە بوویت خوێنی خۆتت لەپێناوی ئەم یان ئەو کێشەیەدا ڕشت، تۆ بەخۆتت وادەزنی سلتی یت، کەچی وانییە تۆ جێرمانییت" پاشان لە دەساڵی پاشتردا هەندێکی تر دێن

وپێتدەڵێن تۆ سلاڤییت. ئەمجا بۆئەوەی جیهان نەخەینە بەر ئەگەری قەڵبکاری، با لەوە بیبەخشین کە بۆچوونمان لەسەر ئەو گرفتانە بڵێین کە زۆر بەرژەوەندیی تێداخراوەتە گەڕ. بۆیە ئەگەر لەبارێکدا ئەو ئەرکەمان خستەسەر ئەستۆی جیهان کە چەند ڕەگەزێکی دیاریکراو ببەخشێتە دیپلۆماسیەت، ئەوا دڵنیابن کە پتر لەجارێك لەو هەڵوێستەیدا دەستگیری دەکەین کە لەوکاتەیدا باس لە خۆشەویستی دەکات، تاوانیش دەکات.

بەڵام زانست لەوە باشترە، با داوای لێبکەین کە حەقیقەتمان بۆ ئاشکرا بکات.

ئەوشتەی پێشتر لەسەر دەمار باسمان کرد، پێویستە لەسەر زمانیش بیڵێین. چونکە زمان داوای پێکگەیشتن دەکات، بەڵام کەسیشی بۆ ناچار ناکات. وڵاتە یەکگرتووەکانو ئینگلتەرە، هەروەها ئەمریکای ئیسپانیو ئیسپانیاش دوودوو بە هەمان زمان قسە دەکەن، کەچی یەك نەتەوەش نیین. بەپێچەوانەی ئەمەوە دەبینین



سویسرە پێگەیشتنێکی نەشازی هەیە بەڕاستی، لەبەرئەوەی لە ڕێککەوتنی بەشە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتووە، سێ یان چوار زمانی هەیە. لەمرۆڤدا شتێك هەیە دەکەوێتە سەرووی زمانەوە ئەویش ئیرادەیە، ئیرادەو خواستی سویسرە بۆئەوەی کە سەرباری جیاوازیی زمانەکانیشی یەکگرتووبێت. ئەمەیان مەسەلەیەکە لەڕووی گرنگییەوە دەکەوێتە سەرووی هەر لەیەکچوونێکی زمانەوە کە زۆربەی جار لەڕێگەی ناچارکردنەوە درووست دەبێت.

ئەوە شەرەفە بۆ فەرەنسە کە هەرگیز هەوڵی ئەوەی نەداوە لەڕێگەی چەند کاروکردەوەیەکی ناچارکردنەوە یەکێتیی زمانەکانی بێنێتەدی.. ئایا خەڵك ئەوەیان پێناکرێت کە بە جیاوازیی زمانەکانیانەوە هەمان هەست و هەمان بیرکردنەوەیان هەبێت و هەمان شتیان خۆش بووێت؟ تۆزێك پێش ئێستە باسمان لەخراپییەکانی پرۆسەی گرێدانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بە

پێداویستییەکانی ئەتنۆگرافیاوە کرد. بەڵام مەسەلەکە هێندەی ئەوەی پێشو خراپ دەبێتەوە ئەگەر بێین سیاسەتی نێودەوڵەتی بکەین بە پاشکۆی زمانناسیی (فیلۆلۆژیا) ی بەراوردکاری. قەیدی چییە با بواری ئازادیی تەواوی گفتوگۆکردن بدەینە ئەم لێکۆڵینەوە سەرنجڕاکێشانە، بەڵام دەبێ ووریای ئەوەبین نەچێتە ئەو بوارەوەی کە خاوێنییەکەی دەشێوێنێ. بۆیە ئەو گرنگییە سیاسییەی کە هەندێك کەس لە زمانەکاندا دەیبینن، لەو ڕووانینەوە دێ کە زمان هێمایەك بێت، ببێتە ئاماژە بۆ دەمار، هیچ شتێك نییە هێندەی ئەم ڕوانینە هەڵەبێت. بائەوە بزانین کە ئەو بڕۆسیایەی ئێستە خەڵکەکەی لە ئەڵمانی بەولاوە زمانێکی دیکە قسە ناکەن، چەند سەدەیەك پێش ئێستە بە سلاڤی قسەیان دەکرد. بائەوەش بزانین کە وڵاتی غۆڵ بە ئینگلیزی قسە دەکات، هەرێمی غۆڵ و ئیسپانیاش بەزمانە بەراییەکەی ناوچەی (ئەلبی درێژ) قسە دەکەن، میسریش بە عەرەبی قسە دەکات



ئەوەندەش نمونە بەسن، چونکە نمونەی ئەوشتەی دەیڵێین بێشومارە. با هۆزی ئاریی نمونەیی_یان سامیی نمونەیی وەربگرین، لەناو ئەمانەدا بڕێکی زۆری کۆیلە هەبوون کە هەر بە هەمان زمانی خاوەنەکانیان قسەیان کردووە، ئەگەرچی کۆیلەکانی ئەو سەردەمە وەك باو بوو سەر بە دەمارێك بوون کە نزمتر بووە لە دەماری خاوەنەکانیان. کەواتە با وتەزاکەی خۆمان دووبارەبکەینەوە، دابەشکردنی زمانەکان بۆ هیندۆئەورووپیو سامیو شتەکانیتر؛ دابەشکردنێکە کە زاناکانی فیقهی زمانی بەراوردکاری بەشێوەیەکی وریایانەی سەرنجڕاکێش دایانهێناوە، کەچی لەگەڵ ئەو دابەشکردنانەدا ڕێك نایەتەوە کە مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆژی) دروستیکردووە. زمانەکان چەند پێکهاتەیەکی مێژووییینو کەم جار دەبنە ئاماژە بۆ خوێنی ئەو کەسانەی قسەی پێدەکەنو پێویستیش ناکات کە باس هاتە سەر مەسەلەی دیاریکردنی ئەو خێزانەی کە هەمومان لە ژیانو مردندا یەکی تێدادەگرینەوە، زمان

ببێتە ئەو بارە ڕەهایەی کە ئازادیی مرۆڤایەتی کۆتبەند دەکات.

ب - ئەم خەملاندنە سنورگیرییەش بۆ زمان، وەك ئەو گرنگییە زۆرەی بە دەمار درا مەترسی و خاڵی نێگەتیڤی تێدایە. کاتێك کە زیادەڕەوی لەمەدا بکەین ئەوا خۆمان لەناو کەلتورێکی سنوردیاریکراودا زیندانی دەکەین، کە خۆمان بە کەلتورێکی نەتەوەیی دەزانین، بەمەش مەرزەکان لەسەر خۆمان تەسك دەکەینەوەو دادەبڕێین. ئەو هەوا بەرفراوانەش کە لە کێڵگە فراوانەکەی مرۆڤایەتیدا هەناسەی تێدادەدەین لە خۆمانی تەنگ دەکەینەوە، بۆئەوەی خۆمان دیلی ناو چەند یەکەیەکی زاراوەیی هەڵبەستراوی خەڵکانێکی نیشتمانپەروەری کورتبین بکەین. هیچ رووحێك لەمەدانییەو هیچ شتێکیش لەمە خراپتر نییە بۆ شارستانی. با بەڵێن بەخۆمان بدەین کە واز لەم پرەنسیپە بنچینەییە نەهێنین، ئەویش بریتییە لەوەی کە مرۆڤ پێش ئەوەی لە



قاڵبدراوی ناو ئەم زمان، یان ئەو زمان بێت، پێش ئەوەی ئەندامێکی ئەم دەمار یان ئەویان بێت. سەر بە ئەم کەلتور یان ئەو کەلتور بێت، بوونەوەرێکی ئاوەزدارو بەئاکارە. چونکە لەپێش کەلتوری فەرەنسی، کەلتوری ئەڵمانی و ئیتالییەوە کەلتورێکی مرۆیی لەئارادایە. بڕووانە گەورەپیاوەکانی رێنیسانس، ئەوانە نە فەرەنسیو نە ئیتالیو نە ئەڵمان بوون. بەڵکو لەڕێگەی مامەڵەکردنیانەوە لەگەڵ سەردەمە دێرینەکاندا نهێنیی چۆنیەتیی پەروەردەکردنی ڕاستەقینەی گیانی مرۆڤایەتییان دۆزییەوەو خۆیانیان بە ڕووحو جەستەوە لەپێناویدا کرد بە قووربانیو بڕوانە کارەکەشیان چەند باش بوو.!

ج- هەروەها ئاینیش ناتوانێت بنچینەیەکی تەواو بۆ دامەزراندنی ڕەگەزنامەیەکی نوێ پێشکەش بکات.ئاین لە ڕەچەڵەکدا تەنها گرێدراوبووە بەبوونی گروپی کۆمەڵایەتییەوە. گروپە کۆمەڵایەتییەکەش لەڕاستیدا

فراوانبونەوەیەکی خێزان بووە. بۆیە ئاینو سرووتەکان سروتی خێزان بوون. ئەوەتا ئاینەکەی ئەسینا بریتی بووە لە پەرستنی خودی ئەسینا، پەرستنی دامەزرێنەرە ئەفسانەییەکانی، یاساکانیو دابونەریتە باوەکانیو بانگەشەی بۆ هیچ کامی شێوازەکانی لاهوتی بیروباوەڕداری (دۆگمایی) نەدەکرد. ئەم ئاینە پڕبەپڕی ئاینی ووشەکە ئاینی دەوڵەت بوو. هەر کەسێکیش ڕێوڕەسمەکانیی ڕەت بکردایەتەوە بە ئەسینایی لەقەڵەم نەدەدرا. لەقوولاییەکەشیدا پەرستنی کەسێتییە خەملێنراوەکەی "ئەکرۆپۆڵ" بوو. ئەگەر مرۆڤێك لەبەردەمی پەرستگەی (ئەگلۆر)دا سوێندی خواردبا، ئەوە مانای ئەوەبوو کە بەڵێن دەدات لەپێناوی نیشتماندا بمرێت.ئەم ئاینەی ئەو سەردەمە وەك کردەی ناونوسین بۆ سەربازیی لای خۆمان، یان وەك ئالاپەرستن وابوو. ڕەتکردنەوەی بەشداریکردن لەم پەرستنەشدا. وەك ڕەتکردنەوەی خزمەتی سەربازیی ناو کۆمەڵگە نوێیەکانی خۆمان وابوو. هەر کەس ڕەتی



بکردایەتەوە، ئەوە مانای ئەوەی دەدا کە ئیتر ئەو ئەسینی نییە. لەلایەکی تریشەوە بەلای هەر کەسێکەوە کە ئەسینی نەبووایە ئەم ئاینە مانایەکی نەبوو، بۆیە چالاکییەکی مژدەبەخشیی وا لەئارادانەبوو کە خەڵکانی بێگانە ناچاربکەن ئەم پەرستیارییە پەسەند بکات، بۆ نمونە کۆیلەکان لەئەسینا پیادەیان نەدەکرد. هەروەها مەسەلەکە بۆ هەندێ کۆماری بچوکی چاخە ناوینەکانیش هەروابوو. ئەگەر مرۆڤێك سوێندی بەسەری "سان مارك" نەخواردبا، بە کوڕی سەلاری ڤینیسیا هەژمارنەدەکرا، یان کەسێك کە واینەزانیبا لە بەهەشتیشدا "سان ئەندرێ" لەپێشی قەشەکانی ترەوەیە، بە "ئەمالڤیتی" یەکی باش نەدەژمێردرا، هەندێ شت هەبوون کە پاشتر لەلای ئەم کۆمەڵگە بچووکانە بوون بە نمونەی چەوساندنەوە و ستەم، کەچی پێشتر ڕەوابوون و کاریگەریی ئەوتۆشیان نەبوو، هەروەك ئەو شتە سادانەی ئەم سەردەمەی خۆمان وابوون کە مرۆڤ لەسەری ساڵی نوێدا پیرۆزبایی لە سەرۆك

خێزانەکەی بکات و ئاواتی باشی بۆ بخوازێت. ئەو شتانەی کە لە ئەسپارتەو ئەسینادا ڕاست بوون، دوایی لەو شانشینییە بچوکانەدا کە لە فتوحاتەکانی ئەسکەندەرە چوونەدەرەوە بە ڕاستی نەمانەوە. هەروەها بەتایبەتیش لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییشدا هەر ڕاست نەبوون. ئەو کاروکردەوانەی کە "ئەنتاکیاس ئەبیڤان" بۆ ناچارکردنی ڕۆژهەڵات بە پەرستنی "ژۆبیتەری ئۆلۆمپی" کردنی هەموویان کردەی چەوساندنەوە بوونو ئەوانەشی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی بۆ پارێزگاریکردن لە ئاینە هەڵبەستراوەکەی دەوڵەت کردنی هەمووی هەڵەو تاوانو بێهوودە بوون. بەڵام ڕەوشەکە لەم ڕۆژگارەماندا ڕوونتر بۆتەوە. ئێستە جەماوەرێکی وا نەماوە کە بڕوای بە یەك ڕێگەو یەك فۆڕم هەبێت. هەر مرۆڤێك بڕواو پەرستنەکەی بەدڵی خۆیەتی، بەوشێوەیە کە خۆی دەتوانێتو دەیەوێ. ئێستە ئاینی دەوڵەت لەئارادا نەماوە. دەتوانین فەرەنسی یان ئینگلیز یان ئەڵمانی بینو لەهەمان



کاتیشدا کاسۆلیك یان پرۆتستانت یان ئیسرائیلی بین. چونکە ئاین بووە بە مەسەلەیەکی تاکەکەسی، مەسەلەیەك کە تەنها تایبەت بێت بە یەك ویژدانەوە، شتێك لەئارادانەماوە ناوی دابەشکردنی نەتەوەکان بێت بۆ کاسۆلیکی یان پرۆتستانتی. ئەو ئاینەش کە لە پەنجاودوو ساڵی پێش ئێستەوە ڕەگەزێکی زۆر گرنگی ناو پێکهاتەی بەلژیکی بوو، بە گرنگی لەناو دڵی هەریەکەی تاکەکاندا دەمێنێتەوە، بەڵام بەتەواوی لەبازنەی ئەو بەهایانە دەرچووە کە نەخشەیان پێدەکێشرێت.

د- بەدڵنیاییەوە هاوبەشبوون لە کۆمەڵە بەرژەوەندییەکدا پەیوەستێکی بەهێزی نێوانی مرۆڤەکان دەبێت. بەڵام ئایا تەنها بەرژەوەندییەکان بەسن بۆ بونیادنانی نەتەوەیەك؟ من بڕوام وانییە. چونکە خاوەن بەرژەوەندییەکان پەیماننامەی بازرگانی دەبەستن. لەناو ڕەگەزیشدا شتێك هەیە پەیوەندیی بە هەستەکانەوە

هەیە، ئەویش ناخ و جەستەیە"زوولگیرینەکان"واتە یەکێتییەگومرگییەکان ناتوانن نیشتمانێك پێکبهێنن.

ه —ئەو جوگرافیایەی کە ئێمە پێیدەڵێین مەرزی سروشتی بێگومان ڕۆڵێکی گرنگی لە دابەشکردنە نەتەوەکاندا هەیە. چونکە جوگرافیا لە فاکتەرە بنچینەییەکانی مێژووە. ڕووبارەکان ملی ڕێگەیان بە دەمارەکان گرتووەو چیاکانیش لە کاروانەکانیان ڕایانگرتوون. رووبارەکان هانی بزاوتنە مێژووییەکانیان داوە، لەکاتێکدا کە چیاکان سنوریان بۆداناون.. ئایا لەگەڵ ئەمەدا دەکرێ ئێمە وەك هەندێکی تیپە جیاوازەکان بڵێین سنوری هەر نەتەوەیەك لەسەر نەخشە نوسراوەو نەتەوەش مافی ئەوەی هەیە هەر شتێك کە بۆ فراوانبوونەوەی خۆی لەلایەکیەوە پێویست بێت بۆ ئەوەی بگات بە چیایە، یان ئەو ڕووبارە دەستی بەسەردابگرێت، لەبەرئەوەی کە بڕوای وابێت کە سروشتێکی وای هەیە دەتوانێت سنور بۆ خۆی دیاری بکات. من هیچ مەزهەبێکی



وا لەئارادانابینم هێندەی ئەم بیروباوەڕە سەخت و شووم بێت. چونکە ئەمە بەهانە بۆ هەموو شێوازەکانی توندوتیژی دەهێنێتەوە. باپێش هەمووشتێك لێرەدا بپرسین ئایا ئەوەی کە ئەم سنوورە سروشتییە هەڵبەستراوانە دروستدەکات چیاکانن یان ڕوبارەکانن؟

شتێك کە بواری مشتومڕی تێدانەبێت ئەوەیە چیاکان کاری جیاکردنەوە دەکەنو ڕووبارەکانیش کۆکردنەوە. سەرباری ئەوەش چیاکان هەموویان شیاوی ئەوەنیین بۆسنورکێشانی وڵاتان دەست بدەن. چونکە ئەوەش پرسیارە کە ئایا کام چیایە جیاکەرەوەیەو کامە جیاکەرەوە نییە؟ لەسەر ئەو ڕێگەیەی کە لەنێوانی (بیاریتز)و (تۆرنیا)دا درێژدەبێتەوە ڕووبار نییە کە زیاتر لە هەر شتێکی تر مۆرکی سنورییانەی هەبێ. ئەگەر مێژوو بیویستبا ئەوا ڕووبارەکانی (لوارو سینو مەوزو ئەلپو ئاودەر)یش وەك "ڕاین"ئەو مەرزە سروشتییەیان دەبوو کە بووە هۆی ئەنجامدانی چەندان سەرپێچی

بەرامبەر بە مافێکی بنەڕەتی کە ئەویش ئیرادەی مرۆڤە. کەسانێك باسی هۆکاری ستراتیژییانە دەکەن، بەڵام هەرگیز هیچ شتێکی ڕەها لەئارادانییە. ئەوە شتێکی ڕوونە کە پێویستە تەنازولی وا پێشکەش بکرێن کە پێویستن، بەڵام پێویستیش نییە ئەو تەنازولانە دووررەو و زیاد لەپێویست بن، دەنا هەموو خەڵك داوای ئەو شتانە دەکەن کە لەگەڵ بەها سەربازییەکانیاندا دەگونجێت. چونکە ئەمە جەنگێکی ناکۆتایی لێدەکەوێتەوە. نەخێر ئەوە زەوییش نییە کە پتر لە ڕەگەزێك دەکات بە نەتەوەیەك. زەوی بابەتەکە پێشکەش دەکات، لەبەرئەوەی کێڵگەی ململانێ و کارە، بەڵام مرۆڤ هەر ڕووحەکە پێشکەش دەکات. چونکە مرۆڤەکە بنەمای ئەم شتە پیرۆزەیە کەناوی "گەل"ی لێدەنێین. شتی مادییش هەرچەند بەهاداربێت بەشی ئەوەناکات، چونکە نەتەوە پرەنسیپێکی ڕەوانییە، لەگرێچنییە ئاڵۆزە قووڵەکانی مێژووەوە دێتەکایەوە.



نەتەوە خێزانێکی ڕەوانییە ؛نەك گروپێك کە بە هێڵکێشانی زەوی دروست بوبێ.

پێشتریش ئەو شتانەمان بینی کە بەشی ئەفراندنی ئەم پرەنسیپە ڕەوانییە ناکەن و بریتی بوون لە دەمار، زمان، بەرژەوەندی، گونجانی ئاینی، جوگرافیا، پێداویستییە سەربازییەکان. . ئایا شتێکی دیکە لەئاراداماوە بیانخەینە سەر ئەم لیستەی ڕابوورد. پاش ئەوانەی کە وتم شتێکی دیکەم نەماوە بیرتانی پێ سەرقاڵ بکەم.

## ٣

نەتەوە دەروونە، پرەنسیپێکی ڕووحییە. دووشت لەئاراداهەن‌و لەڕاستییشدا یەك شتن کە ئەم دەروونەو ئەم پرەنسیپە ڕووحییە پێکدێنن. یەکەمیان لە ڕابووردوودا ڕاوەستاوەو دووەمیشیان لە ئێستادا، یەکەمیان خاوەنێتیی هاوبەشی میراتێکی دەوڵەمەندی بیرەوەرییەکانە، دووەمیشیان گونجانەکەی ئێستایە، ئارەزووی پێکەوەژیانەکەیە، ئیرادەی بڕیاردەرە لە هەوڵدان بۆ بەرزڕاگرتنی بەهایەك کە بەبێ پەرتبوون گەیشتووە بە ئێمە. نەتەوەش هەر وەکو تاکەکەس وایە، ئاکامی ڕابوردوویەکی درێژی پڕ لە هەوڵ‌و قوربانی‌و خۆبەخشینە. پەرستنی پێشینەکان یەکێکی ناو ئەو پەرستیاریانەیە کە زۆرترین ڕەوایی هەیە، چونکە ئەوە



پێشینەکان بوون وایان لە ئێمە کرد بەمشێوەیەبین کە ئەمڕۆ هەین. رابوردووی پاڵەوانانەو گەورەپیاوان‌و سەروەری (مەبەستم لە سەروەریی راستەپینەیە)، ئەم شتانە ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییەن کە بیرۆکەی نەتەوەیی لەسەر دادەمەزرێنین. ئەگەر لەڕابوردوودا سەروەریی هاوبەش‌و لەئێستەشدا ئیرادەی هاوبەش هەبن، ئەگەر پێکەوە شوێندەستی گەورەمان هەبوو، بمانەوێ زۆرتریشی لێبهێنینەئارا، ئەمانە ئیتر دەبنە مەرجە بنەڕەتییەکانی سەرهەڵدانی گەل. خۆشویستنی خەڵك بەپێی ئەو قوربانییانەیە کە پێشکەشیان کردووە، بەپێی ئەو نەهامەتییانەیە کە چەشتویانن. بڕوانن ئێمە ئەوماڵەمان خۆشدەوێ کە بونیادی دەنێین یان بەمیرات وەریدەگرین. ئەو سرووده ئەسپارتەییەی کە دەڵێت"ئێمەش ئەوەین کە جاران ئێوە وابوون، هەروەکو ئێوەشمان لێدێت" بەسادەیی کورتەی سروودی هەموو نیشتمانێکە.

ئەگەر لە ڕابووردوماندا میراتێكی سەروەریو حەسرەتكێشانمان هەبێتو پێكەوە بەشی بكەین، بۆ ئایندەش بەرنامەی دیاریكراومان هەبێتو كار بۆ هێنانەدیی بكەین. ئەگەر لەگەڵ كەسەكانماندا پێكەوە نەهامەتیو خۆشیمان چەشتبێت، ئەمانە ئیتر مەسەلە گەلێكن بەهاكانیان گرنگترە لە مەرزی گومرگیی هاوبەشو سنورە جووتەكانی هزرە ستراتیژییەكان. ئەمە شتێكە خەڵكان سەرباری جیاوازیی دەمارو زمانەكانیان لێیتێدەگەن. من تۆزێك پێش ئێستە دەمووت كە"پێكەوە نەهامەتیمان چەشتبێت"، بەڵێ بڵێسەی نەهامەتیی هاوبەش لە هی ئاسوودەیی بە كڵپەترە. ئەوەتا ئەگەر بڕوانینە یادگارییە هاوبەشەكانمان دەبینین بەهای باری ڕەشپۆشبوونەكانمان لەبەهای بارەكانی سەركەوتنەكانمان پترە. لەبەرئەوەی ئەوەیان ئەركمان دەخاتەئەستۆو خستنەگەڕی توانای هاوبەشمان لێدەخوازێت. كەواتە نەتەوە هاوكارییەكی گەورەیە لە هەستكردن بەو



قوربانییانەوە دروست دەبێت كە لە ڕابووردوودا بەخشیومانو ئامادەشین پاشتریش بیبەخشینەوە. نەتەوە گریمانی ئەوەی دەوێت كە ڕابووردوویەكت هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەیبینین لە ئەمڕۆدا لەناو مەسەلەیەكی بەڵگەداردا كورت دەبێتەوە، كە ئەویش بریتییە لە "هاوڕێكیو ئارەزوی ڕاستو ڕەوان بۆ درێژەپێدانی ژیانی هاوبەش". چۆن بوونی تاكەكەس جەختكردنەوەی بەردەوامە لەسەر ژیان، ئاواش (بمبورن لەم لێكچواندنەی كە دەیكەم) نەتەوە پرۆسەیەكی دەنگدانی هەستییە لە هەموو ڕۆژەكاندا ڕوودەدات. ئۆۆی دەزانم كەمتر لە بوونی حەقێكی خوایی میتافیزیاییانەیە، كەمتریش لەو مافە ناڕەواترە كە دەڵێن گوایە مێژووییە. لەسیستمی ئەو بیرۆكانەدا كە دەیانخەمە پێشچاوتان نەتەوە مافێكی نییە پتربێت لەو مافەی كە پاشایەك لەوەدا هەیەتی بە ناوچەیەك لە ناوچەكان بڵێت (تۆ موڵكی منیتو دەتبەم بۆ خۆم) ناوچە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە

دانیشتوانەکەیەتی. ئەگەر کەسێکیش مافی ئەوەی هەبێت لەم ڕووەوە لە بۆچوونی بپرسرێت دانیشتوی ناوچەکەیە. لەبەرژەوەندیی ڕاستەقینەی نەتەوەیەکدا نییە کە ملی وڵاتێك بگرێتو بەزۆر بیلکێنێت بەخۆیەوە. چونکە تاکە پێوەری شەرعی کە پێویستە هەمیشە بگەڕێینەوە سەری تەنها خواستی نەتەوەکانە. ئێمە تەجریدکارییە میتافیزیاییو لاهوتییەکانمان لەچێوەی سیاسەت کردە دەرێ، ئایا پاش ئەوە چی دەمێنێتەوە؟ مرۆڤ دەمێنێتەوە لەگەڵ ئارەزوو پێداویستییەکانیدا. لەوانەیە ئێوە پێم بڵێن ئاکامی سیستمێك کە ئەم جەستە دێرینانە بخاتەوە ژێر ڕەحمەتی چەند ئیرادەیەکەوە کە زۆربەی کات ڕۆشنبین نین، لەماوەی درێژخایەندا هەر هەڵوەشانو جیابوونەوەیە. ئەوەشتێکی ڕوونە بۆئەوەی ئەوە ڕوونەدات پێویستە لە گۆڕەپانێکی وا دا هیچ پرەنسیپێك پتر لەپێویست بۆ پێشەوە پاڵ پێوەنەنێین. چونکە ڕاستیی لەمشێوەیە ئەگەر پێکەوەو بە کۆمەڵو بەشێوەی گشتی



نەبن پیادەنابن. لەبەرئەوەی ئیرادەی مرۆڤەکان دەگۆڕێت. بەڵام ئەی ئەوشتە چییە کە لەم جیهانە زەمینییەدا ناگۆڕێت؟ نەتەوەکانیش شتێکی ئەبەدی نین، ئەوانیش دەستیان پێکردووەو کۆتاییشیان دێت. لەوانەشە کۆنفیدراڵییەکی ئەوروپییانە جێگەیان بگرێتەوە. بەڵام ئەمە یاسایەك نییە بۆئەم سەردەمەی ئێمەببێت کە تێیدا دەژین. لەم سەردەمەماندا بوونی نەتەوەکان مەسەلەیەکی باشە، بگرە پێویستیشە. چونکە ئەمە گرەنتیی مانەوەی ئەو ئازادییەیە کە بەهۆیەوە یەك یاسایيو یەك سەرۆکی لەجیهاندا نەماوە. لەبەر جیاوازیو زۆرجاریش دژبەیەکبوونی سرووشتەکانیان زۆریی نەتەوەکان خزمەت پێشکەش بە ڕەوشە هاوبەشەکەی شارستانی دەکات. چونکە هەموویانو هەرەیەکەیان نۆتەیەك دەخەنە سەر ژەنینە گەورەکەی مرۆڤایەتی، دوایش ئەو ژەنینە باڵاترین فۆڕمی واقعی نمونەییە کە ئێمە دەتوانین پێی بگەین. کاتێك نەتەوەکان لەیەکتر دابڕاوبن بەشەکانیشیان

لاواز دەبێت. زۆرجار بەخۆم دەڵێم کە ئەگەر مرۆڤێك هەندێك کەموکووڕیی تێدابێ، ئەو کەمو کووڕییانەی ئەو لەلای نەتەوەیەکی دیکە بە خوویەکی شیاو دابنرێتو بەسەروەری بزانرێت. کەچی ئەو کەمو کووڕییانەش وا لەمرۆڤەکە بکات کە هێندە چەتوونو خۆپەرستو چەقاوەسوو بێت، بەرگەی هیچ شتێك نەگرێت،خێرا دەست بداتە چەکەکەی، ئەوکاتە ئەو مرۆڤە تاقەتی لەخۆی پتر، کەسیتری نابێت، بەڵام ئەم ووردە دژایەتییانەش لەناو گرووپەکانی خەڵکدا وون دەبن. ئای چەند داماویت ئەی مرۆڤایەتی؟ چەندت ناڵاندووەو هێشتا چەند سەختیی تریش خۆیانیان بۆ لە سەنگەر ناویت؟ هیوادارم گیانی سەلاریت بەشێوەیەك ڕێگەت پیشان بدات لەهەموو ئەو مەترسییانە بتپارێزێت کە کۆسپ دەخەنەڕێگەت!

بەڕێزان ئەمە کورتەی قسەکانمە: مرۆڤ کۆیلەی دەمارەکەی، یان زمانەکەی، یان ئاینەکەی، یان ڕاڕەوی



ڕووبارەکان، یان ئاراستەی زنجیرەچیاکان نییە. بەڵکو کۆبوونەوەیەکی گەورەی مرۆڤ، کە ڕووحێکی دروستو دڵێکی گەرمی هەبێت، هۆشێکی ئاکاری دروستدەکات کە ناوی نەتەوەیە. ئەمجا لەبەرئەوەی ئەم هۆشە ئاکارییە لەڕێگەی ئەو قوربانییانەوە گوزارە لەخۆی دەکات کە دەبێ مرۆڤ لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵدا بیبەخشێت. ئەم هۆشەش ڕەوایەو مافی بوونی هەیە.

ئەگەر گومان لەسەر مەرزی نەتەوەیەك دروست بوو، ئەوا ڕاوێژ بەو دانیشتوانە بکەن کە کێشەکەیان لەسەرە، چونکە بەڕاستی ئەوان مافی ئەوەیان هەیە دەنگی خۆیان لە مەسەلەکەیان بدەن.

فەرمانڕەوایەك وادەکات لووتبەرزەکانی ناو سیاسەت پێکەنینیان بەم قسانە بێت، ئەوان گوایە لە هەڵە بەدوورنو ژیانیان لە چەواشەکردنی خۆیاندا بەسەردەبەن، لەسەرەوەی پرەنسیپە باڵاکانی خۆیانەوە دەڕواننە ئەو بیرکردنەوانەی ئێمە کە بەلایانەوە لەناو

زۆنگاودایـــەو بـــەزەییان پێمانـــدادێ، دەڵـــێن "ڕاوێـــژ بەدانیشتوان بکەین! پف لەو قسەیە! ئەو سادەییە چییە؟ بەڕاستی ئائەمانە ئەو بیرۆکە فەرەنسییە نائومێدانـەن کـە ئاواتیـان وایـە دیپلۆماسـیەت‌و جـەنگ بگـۆڕن بـۆ ئـەو ئامرازانەی کە بۆنی سادەیی منالآنەیان لێدێت."

بـا ئێمـەش چـاوەڕوان بـین بـەڕێزان، بـا بـوار بـدەین سەردەمی خۆبەزلزانەکان تێپەڕێت. بابزانین چۆن لەگەڵ گاڵتەجاڕیی بەهێزەکاندا بەیەکدەگەینەوە. لەوانەیە ئەوان لەپاش ڕووبەڕووبونـەوەیان لەگەڵ ناکامییـەکانی خۆیانـدا بگەڕێنـــەوە ســـەر چارەســـەرە ئەزموونگەرییـــە خۆنەویستەکانی ئێمە. ئەو ئامرازەی کـە لەچـەند کـاتێکی دیاریکراودا وا لـە مـرۆڤ دەکات بـۆ پاشـەڕۆژ لەسـەر حـەق بێـت، ئەوەیـە کـە بزانێـت چۆن ئـەوانی دیکە قایـل بکات بەوەی کە خۆی قاڵ بووەو دوای مۆدە ناکەوێ.



# پەراوێزەکان

## تێبینییەکانی ڕینان

- خێزانی فەرمانڕەوای ساڤوا تا لەساڵی (٢٧١)دا دەستی بەسەر سەردینیادا نەگرت ، نازناوی پادشایی بەدەست نەهێنا.
- لەتوێژینەوەیەکدا درێژە بەباسی ئەم خاڵە دراوە کە لە بڵاوکراوەی (کۆڕی زانستی لە فەرەنسە) لە (١) ی مارسی ١٨٧٨ دا بڵاوبۆتەوە، دەتوانرێ سەیر بکرێ.
- لەو ماوەیەدا کە فەرەنسە ئەڵزاس و میتزی بەدەستەوەبوو ، ڕەگەزە جێرمانییەکانی ناو شانشینی یەکگرتوو لەوەی ناو فەرەنسە گرنگتر نەبوون. بەڵکو زمانی جێرمانی لەناو دورگەکانی بەریتانیادا لەبەر یەك هۆ زاڵ بوو، هۆکەش ئەوەبوو کە هێشتا زمانی لاتینی جێگەی زمانە سلتییەکانی نەگرتبۆوە، وەك ئەوەی لە وڵاتی گۆل ڕوویدا.
- گلۆر خوودی ئەکرۆپۆڵە، ئەو خۆی لەپێناوی دەربازکردنی نیشتماندا بەخشی.

## تێبینی /

ئـەم دەقـەی لێـرەدا کـراوە بـەکوردی یەکێکـە لـە دەقـە هـەرە بنەڕەتییەکانی ناو ئەدەبیاتی هـزری نەتـەوەیی ئـەوروپی لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدەدا. تێـزی موحازەرەکەیـە کـە ڕۆژهـەڵاتناسو بیریاری ناسراوی فەرەنسی (ئێرنست ڕینـان ١٨٢٣/١٨٩٢) ڕۆژی ١١ی ئاداری ١٨٨٢ لە زانکۆی سۆربۆن پێشکەشی کردووە.حەسـەن ئەلشـامی کردوویـــەتی بـــە عـــەرەبی و لـــە گۆڤـــاری "نـــزوی"دا بڵاویکردۆتەوە و ئێمەش لەوێوە کردوومانە بە کوردی.

## لەبڵاوکراوەکانی
## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران ساڵی
## (٢٠١٠)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| [illegible] | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| [illegible] | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| [illegible] | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح بروارى | ٢٠١٠ |
| [illegible] | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| [illegible] | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حەمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| [illegible] | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |



| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| [illegible] | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. كوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| [illegible] | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| [illegible] | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندی | ٢٠١٠ |
| [illegible] | العداله بين الفلسفه والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| [illegible] | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| [illegible] | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| [illegible] | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| [illegible] | ئايين و دەسەڵات | هاشم كەریمی | ٢٠١٠ |
| [illegible] | فيمينيزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| [illegible] | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| [illegible] | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| □□□ | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، كوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| □□□ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| □□□ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| □□□ | كوردەكان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشكچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| □□□ | سیستمی سیاسی سویسرا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| □□□ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| □□□ | گۆڤاری كەلتور | | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| □□□ | ڕۆژنامەی كوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەكردنی:<br>د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| □□□ | ناوچە جێناكۆكەكان، ئایندەو ئاسۆكانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| □□□ | بەعەرەبكردن و بە جولەكەكردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| □□□ | ئایین و ئازادی بیروڕا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و: عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١٠ |